# سفربوونەوەی وەبەرهێنانی بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان

23-06-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی و بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان واتە کەمبوونەوەی هێزی کار و هاتنە ناوەوەی پارەی بیانی و چوونە دەرەوەی پارەی وەبەرهێنەری نێوخۆیی، بنیاتنەنانی پرۆژەی ستراتیژی و درێژخایەن بۆ داهاتوو دەدات. لێرەدا بەخستنەڕووی داتاکانی وەبەرهێنانی دەرەکی لە عێراق و ئاراستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەڵوەستەیەک لەسەر سفربوونەوە و تەواونەبوونی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەکەین.

# بەرایی

رۆژانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان باس لە پرۆژەی سەتان ملیار دۆلاری دەکرێت کەوا سەرمایەدارانی بیانی ئامادەییان دەربڕیوە وەبەرهێنانی تێدا بکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو پرۆژانە تەنیا ناوییان هەیە. تەنانەت ئەو پرۆژانەش کە پرۆپۆزەڵ و دیزاین و گرێبەستەکانیان واژۆکراوە، چەندین ساڵە وادەی تەواوبوونیان تێپەڕیووەو تەواونەکراون. وەک پرۆژەی بەندەری فاو، رێککەوتنەکانی تۆتاڵ ئینرجی، باڵەخانەی بانکی ناوەندی لە عێراق  و پرۆژەی هەپی سیتی چینی لە هەرێمی کوردستان. رەنگە سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە عێراقدا سەتان ملیار دۆلار و لە هەرێمی کوردستان دەیان ملیار دۆلاری تێپەڕاندبێت، بەڵام ئەمانە تەنیا لەسەر کاخەز و لەچوارچێوەی مۆڵەتپێدان و رێککەوتننامە و واژۆکردنی گرێبەستەکان بووە، نەوەکو ئەوەی لەسەر خاک ببینرێن.

بەپێی راپۆرتی وەبەرهێنانی جیهانی 2023ی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNCTAD) وەبەرهێنانی دەرەکی لەساڵی 2013وە لە عێراق نێگەتیڤ بووە. هەروەها، لەو ساڵەشەوە وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەرێمی کوردستان روو لەدابەزین بووە.

کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی و بیانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان واتە کەمبوونەوەی هێزی کار و هاتنە ناوەوەی پارەی بیانی و چوونە دەرەوەی پارەی وەبەرهێنەری نێوخۆیی، بنیاتنەنانی پرۆژەی ستراتیژی و درێژخایەن بۆ داهاتوو دەدات. لێرەدا بەخستنەڕووی داتاکانی وەبەرهێنانی دەرەکی لە عێراق و ئاراستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەڵوەستەیەک لەسەر سفربوونەوە و تەواونەبوونی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەکەین.

## نێگەتیڤی وەبەرهێنانی دەرەکی و چیرۆکی پرۆژە گەورەکان لە عێراق

ساڵانە لە بودجەی گشتی عێراق دەیان تریلیۆن دینار بۆ وەبەرهێنان تەرخاندەکرێت، کە دیارترینیان بودجەی سێ ساڵییە، کە بەپێی بودجەکە بوایە لە 2023دا عێراق  38.2 تریلیۆن دیناری بۆ وەبەرهێنان لە کەرتە جیاوازەکاندا خەرج بکردایە، بەڵام وەزارەتی دارایی لە راپۆرتی کۆتایی ساڵ ئاماژەی بە خەرجکردنی 24.1 تریلیۆن دینار بۆ وەبەرهێنان کرد کە 12 تریلیۆن دیناری لەکۆتا مانگی ساڵەکەدا بوو.

هەروەها، رووکردنە وەبەرهێنان لە دەرەوە و کەمبوونەوەی هاتنەناوەوەی وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ عێراق لەماوەی دەیەی رابردوو، وایکردووە کەوا ئاراستەی وەبەرهێنانی دەرەکی لە عێراق نێگەتیڤ بێت. بەشێوەیەک بەپێی راپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی 2013وە تاوەکو 2022 بەردەوام نێگەتیڤ و لەسەروو 2 تریلیۆن دینارەوە بووە. ئەمەش بەواتای ئەو پارەیەی وەک سەرمایەی وەبەرهێنان رۆیشتووەتە دەرەوە زیاتر بووە لەو پارەیەی وەک سەرمایەی وەبەرهێنان هاتووەتە ناوەوەی عێراق کە ساڵ هەبووە گەشتووەتە سەرووی 10 تریلیۆن دینار وەکو لە گرافیکی یەکەمدا  هاتووە.

گرافیک 1: وەبەرهێنانی دەرەکی لە عێراق 2006-2022



عراق
میلیون دولار
سال
6000
4000
2000
0
-2000
-4000
-6000
-8000
-10000
-12000
2006
2007
2008
2009
2010
2011
2012
2013
2014
2015
2016
2017
2018
2019
2020
2021
2022
383
971.8
1855.7
1598.3
1396.2
1882.3
3400.4
-2335.3
-10176.4
-7574.2
-6255.9
-5032.4
-4885.1
-3508.2
-2859.1
-2637
-2088.2

ساڵانە دەیان پرۆژەی گەورە و ڕێککەوتنی نوێ و هاوبەش لە عێراق واژۆدەکرێن، بەڵام ئەو پرۆژە گەورانەی دەچنەبواری جێبەجێکردن و تەواو دەبن ژمارەیان ئەگەر سفر نەبێت ئەوا دەگمەنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ساڵ بە ساڵیش ڕێککەوتنەکان دووبارە و سێ بارە واژۆدەکرێنەوە یان پارەیان لە بودجەی گشتی بۆ تەرخاندەکرێت، کە دیارترینیان یەغدایە، کە لە 2007وە بەردەوام باسدەکرێت و لەساڵانی 2007، 2013 و 2020 لە بودجەی پرۆژەی پەرەپێدانی بەغدا هاتووە و لە بودجەی 2022یشدا 2 ملیار دۆلاری بۆ تەرخانکرا و لە بودجەی پەرەپێدانی بەغدا لە 2023شدا جارێکی دیکە 913 ملیار دیناری بۆ تەرخانکرا و لە ئەمساڵیشدا، دیزاینەکەی لەسەر کاخەز بڵاوکرایەوە.

چیرۆکێکی دیکەی سەرنجڕاکیش لە پرۆژە گەورەکاندا، پرۆژە یان باڵەخانە نوێیەکەی بانکی ناوەندی عێراقە کە دیارترین پرۆژەیە و سیمای دارایی و سەرچاوەی پارە بۆ عێراق دەنوێنێت، کەچی دوای مردنی دیزاینەرەکە هێشتا تەواونەبوو، لەکاتێکدا دیزاینەکەی لە 2012دا تەواوبوو، بەڵام لە 2018دا دەستکرا بە دروستکردنی و بڕیاربوو لە 2023دا تەواوبێت، بەڵام هێشتا کارکردن تێیدا بەردەوامە. هەموو ئەمانەش سەرەڕای ئەوەی لەکاتی جێبەجێکردندا دەستکارییەکی یەکجار گەورەی دیزاینە بنەڕەتییەکە کراوە.

هەروەها، ساڵی 2019 کۆمپانیای دایۆ پرۆژەی بەندەری فاوی بۆ بنیاتنانی یەکێک لە گەورەترین بەندەرەکان بۆ دەرچوو، کە بڕیاربوو دوای چوار ساڵ تەواوبێت، بەڵام دوای چوار ساڵەکە وەزیری گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند هێشتا لە 60% کارەکان تەواوبووە و ئێستاش باس لە تەواوبوونی بەشێکی دەکرێت.

ساڵێک و دوو مانگ پێش ئێستا و لەڕۆژی 5ی نیسان 2023دا و دوای دوو ساڵ، جارێکی دیکە کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ڕایگەیاند کەوا ڕێککەوتی کردووە بۆ وەبەرهێنانی 10 ملیار دۆلار لە بنیاتنان و پەرەپیدانی ژێرخانی وزە لە عێراق، لەکاتێکدا لەڕێککەوتنی 6ی ئەیلوول 2021ی نێوان تۆتاڵ ئینرجی و حکومەتی عێراق باس لە سەرمایەی 27 ملیار دۆلار دەکرا. بەڵام بەپێی ڕێککەوتنە نوێیەکە بێت، تۆتاڵ ئینرجی بەڕێژە و پشکی 45%، قەتەر ئینرجی بەڕێژەی پشکی 25% و کۆمپانیای بەسرەش بەڕێژەی 30% لەم وەبەرهێنانەدا بەشدار دەبن کەوا هەوڵی کۆتایهێنان بە سووتانی گازی هاوەڵ لە سێ کێڵگەی نەوتی عێراق دەدات، و، ویستگەیەکی کارەبای 1 گیگاواتی بە وزەی خۆر لە بەسرە بنیات دەنێت و پرۆژەیەکی نوێ بۆ بەکارهێنانی ئاوی دەریا لەجیاتی ئاوی خاوێن لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوتدا لە عێراق جێبەجێدەکات، کەچی لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا بۆ جاری سێیەم ڕێککەوتنێک لەنێوان کۆمپانیای تۆتاڵی ئینرجی و وەزارەتی کارەبا بۆ بنیاتنانی 1 گیگاوات کارەبا بەتیشکی خۆر واژۆکرایەوە، نەک ئەوەی کە دەست پێبکرێت!

## نیوەی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان هێشتا بەردی بناخەکەی دانەنراوە

هەرێمی کوردستان لە 2006وە لە 13 کەرتی جیاواز بە سەرمایەی 69.2 ملیار دۆلار لە 1225 پرۆژەدا وەبەرهێنانی لێ کراوە. دابەشبوونی پرۆژەکانیش لەو ماوەیدا بەشێوەیەکە کەوا 1151 پرۆژەیان بە سەرمایەی 57.9 ملیار دۆلار خۆماڵی و بەسەرمایەی نێوخۆ بنیاتنراوە ئەگەر تەواو بووبێت، تەنیا 46 پرۆژەیان بیانی و وەبەرهێنەری دەرەکی بووە بە سەرمایەی 10 ملیار دۆلار، هەروەها 28 پرۆژەشیان بەهاوبەشی لەنێوان سەرمایەدارانی نێوخۆیی و بیانی بە سەرمایەی 1.3 ملیار دۆلار مۆڵەتی کارکردنیان هەبووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە وەبەرهێنانی بیانییە لە هەرێمی کوردستان کە ڕێژەی 14.5%ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت، بەڵام نیوەی ئەم وەبەرهێنانە هێشتا بەردی بناخەی پرۆژەکەی دانەنراوە، کە پرۆژەی هەپی سیتی چینی بوو، کە بەپێی لێدوانەکانی ئەوکات بوایە دەبوایە کۆتایی ساڵی داهاتوو پرۆژەکە تەواو بوایە.

چیرۆکی هەپی سیتی لە وەبەرهێنانی دەرەکی و هاتنەناوەوەی پارەی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی گەورە بوو، بەپێی داتاکانی دەستەی وەبەرهێنان، چین ببوە یەکەمین وڵات کە بەگوژمەی 4.9 ملیار دۆلار وەبەرهێنان بهێنێتە هەرێمی کوردستان.

لەڕاستیدا هەرچەندە ئێستاش پرۆژەکە بەردی بناخەی دانەنراوە، بەڵام بەمشێوەیە دەستپێکرد وەبەرهێنەرێکی چینی لە مانگی ئەیلوولی 2020دا پرۆپۆزەڵێکی بەناوی هەپی سیتی بە گوژمەی 4.9 ملیار دۆلار ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنان هەولێر کرد، دوای مانگێک کۆنسوڵخانەی چین وردەکاری پرۆژەکەی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد " کۆمپانیای پەکین بۆ کاری وەبەرهێنان لە چین پرۆژەیەکی خستووەتەڕوو بەناونیشانی Happy City، کە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی کەلتووری گەشتیاری لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. ڕووبەری نەخشەی ئامادەکراو بۆ ئەم پرۆژەیە بریتییە لە 5 ملیۆن مەتر دووجا و بڕی پارەی تەرخانکراو بریتییە لە 5 ملیار دۆلار، پرۆژەکە بەشێوەیەك دیزاینکراوە کەوا ساڵانە توانای پێشوازیکردنی لە 15 ملیۆن گەشتیار هەبێت و شوێنی مانەوە بۆ زیاتر لە 80000 کەس دابینبکات. هەروەها، 8000 هەزار هەلی کاری ڕاستەوخۆ و چەندین هەلی کاری ناڕاستەوخۆش دەستەبەردەکات، بۆ یارمەتیدانی

هەولێر کە ببێت بە ناوەندێکی گەشتیاری لە عێراق و تەنانەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەپی سیتی لە شاری یاری 1001 ، ئەکوا پارك، هۆتێلی رووکار، شەقامی بازرگانی، ڤێلا و ئەپارتمانی گەورە لەگەڵ سەنتەری وەرزشی، ناوەندی خزمەتگوزاری، و ئاسانکارییەکانی وەك سوپەرمارکێت و قوتابخانە و نەخۆشخانەوە و چەندین شتی دیکە پێکدێت".

دواتر لە رۆژی 8ی حوزەیران 2021دا خاوەنی پرۆژەی هەپی سیتی دەرکەوت و ئاماژەی بەوەکرد " پرۆژەکە بەزووترین کات دەستپێدەکات"، بەڵام دوای مانگێک و لەرۆژی 10ی تەمموز 2021دا وەبەرهێنانی هەولێریش ئاماژەی بەوەکرد " کە بەمنزیکانە بەردی بناخەی دادەنرێت و پرۆژەکە هەندێک قەرەبووکردنەوەی جووتیاران و شوێنی هاونیشتمانیانی ماوە." هەر لەو ماوانەدا کە باسەکە گەرمبوو، کۆنسوڵی پێشووی چین لە هەرێمی کوردستان لە 30ی ئەیلوول 2021دا ئاماژەی بەوە کرد کە "لە نزیکترین کاتدا دەستدەکرێت بە پرۆژەی هەپی سیتی کەوا گەورەترین پرۆژەی گەشتیارییە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست". بەڵام دوای سێ ساڵ هیچ نەبینرا.

گرافیک 2: وەبەرهێنانی، خۆماڵی، بیانی و هاوبەش لە 2006-2024 لە هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: دەستەی وەبەرهێنان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوە و زانیاری، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری، باری ئەو پرۆژانەی مۆڵەتی کارپێکراون لە 1-8-2006 بۆ 2-5-2024.

## کۆتایی

چیرۆکی پرۆژە گەورەکان لە عێراق زۆرن کە واژۆکانیان کرا و بەردی بناخەیان دانرا و دەستکرا بەجێبەجێکردنیان، بەڵام تەواونەبوون. هەرچەندە لەسەرەتادا وادەبینرێت کەوا بەهۆی بەرژەوەندی جیاوازەوە ئەنجامی پرۆژەکان بەوشێوەیە بێت، بەڵام یەکێکی دیکە لەو پرۆژانە رێگای شەمەندەفەر( ئاسنینی) نێوان عێراق ـ ئێرانە کەوادادەنرا زۆر ئاسان بێت و تەواوبکرێت، هەربۆیەش بڕیاریان دابوو لە 18 مانگدا تەواوبێت، بەڵام نیوەی ئەو ماوەیە تێپەڕیووە هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتنی کۆتایی بۆ کارکردن لە پرۆژەکەدا.

لەمانگەکانی رابردوودا لەکاتی سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆغان بۆ بەغداد و هەولێر باس لە واژۆکردنی رێککەوتنامەیەک کرا بۆ بەستنەوەی رۆژهەڵات بە رۆژئاواوە لەرێگەی عێراق و تورکیاوە کە بە پرۆژەی رێگەی گەشەپێدان ناسێنرا کە درێژییەکەی 1190 کیلۆ مەترە، لەکاتێکدا رێگەی شەمەندەفەری بەسرە ـ شەلەمچە (ئەهواز) تەنیا 30 کیلۆمەترە و دەیان بەرژەوەندی نێوخۆیی و دەرەکی ناتوانێت دژی بێت، بەڵام لە رێگەی گەشەپێدان بگرە سەتان بەرژەوەندی نێوخۆیی و دەرەکی رۆڵ دەگێڕێت بەردێکی لەسەر بەرد بۆ دابنرێت جگە لە واژۆکردنی رێککەوتن.

لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەم ئاراستەی کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی دەرەکییە پەیوەندی بە کێشەی گەورەی ئەمنی و ناسەقامگیری، هەبوونی چەکدارانی دەرەوەی دامەزراوەکان و نەبوونی سیستەمی بانکی بەهێز و لاوازی دامەزراوەکان بۆ جێبەجێکردیان هەبووە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبەرچاونەگرین کە لە دەیەی رابردوو ئاڕاستەی وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەموو جیهان رووی لە دابەزین بووە، بەشێوەیەک لە ئاستی جیهان وەبەرهێنانی راستەوخۆی دەرەکی لە 2 تریلیۆن لە 2015دا کەمبووەتەوە بۆ 1.2 تریلیۆن دۆلار لە 2022دا.